www.kurdistannet.org
13-11-2005 0:29بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# سەرۆکی فیدرالی کاتی و دوانزەڤیزا! ... شەیدا بلًباس

دیارە بەرێز سەرۆکی کاتی ئێراقی فیدراڵ، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی یەکساڵەی، دوانزەڤیزەشی پێدەدرێت.. بەم جۆرەهەرڤیزەو بۆ مانگێک بێت. سێ مانگی سەرەتای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی، لەخۆشی پیرۆزبایی و ئاهەنگێران و ناهەمواری دۆخ و نەبوونی سەرۆک وەزیران، ئاگای لەسەفەربڕا! وا دیارەعەرەبە سوونەکانیش فێڵیان لێکردبێت؛ لەکاتی پڕکردنەوەی بەڵگەنامەی ڤیزاکان، لەجیاتی ئێراق، لەژێری ژێرەوە بەبچوکی نوسیبێتیان" ئەم ڤیزانەبۆ چوونەدەرەوەی بەغدای پایتەخت سوودیان لێوەردەگیرێت". سەرۆکی فیدرالیش لەبەر خەندە هەیشەیەکەی؛ ئاگای لەو خاڵەنەبووبێت.. هەر بۆیە لەشەش جار گەڕانەوەی کوردستان [ دوو سەردانی هەولێر و چواری قەڵاچۆڵان و دوکان] نیوەی ڤیزاکانی لەدەستداوە. لەبەر خاتری چەلەبیش لەسەردانێکی ئوردندا، ڤیزاێکی تر سووتا. ئەگەرچی بروسکەی داوای سەردانی بۆ ئێران و سوریا، بێ وەڵام مایەوە. بەڵام سەفەری بۆ بەلجیک ولەدوایشدا زیارەتەکەی بۆ ئەمریکا و بەریتانیا سەرکەوتنێکی بەرچاوە؛ ئیتالیاشی هاتەسەر. ئێستا ڤیزاێکی بەدەست ماوەو پەنجا ڕۆژ!

لەبروسکەی سەردانێک بەرەو ژاپۆن.. کەچی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن بەرپەرچی وەزیری دەرەوەیان دەداتەوەو دەبێتە مشتومڕیان.. تائاکام بەوەدەگات، سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن لەپەیوەندێکی تەلەفۆنی ڕاگەیێنێت، کەوا ژاپۆن بریاری دا لەقەرزەکەی ئێراق خۆش دەبێت و پێویست بەم سەردانەناکات. هەر چەندەمەبەستی مامە" هەی ڕوحم بەقوربانی بێ" بەدەردی کۆییەکان گۆتەنی؛[ئەمەیان لەسەر وەزنو قافیەی سڵاو لەدیداری پێغەمبەرە]، بۆ سڕینەوەی قەرز نەبوو.. کاتێک سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن لەکۆشکی وەزیران هەڵدەستێتەوەبۆ ڕوونکردنەوەئاراستەیان دەکا: " کەسەردانەکەی سەرۆکی ئێراق خۆ بۆ بازرگانی نەبوو؛ بەڵکو بۆ ڕەخنە!. جا خۆ ڕەخنەلەتۆیۆتا وسۆنی ناگێت! وەزیرەکانیش دەڵێن" ئەی لەچی؟!" لەوەڵامیاندا بەم جۆرەدرێژەبەڕۆنکردنەوەکەی دەدات:" بۆ چی مەگەر نازانن، لەسەردانەکەی بۆ ئەمریکا، لەدانیشتنێکی خەڵوەتیدا لەگەڵ سەرۆک بوش؛ یەکسەر ڕەخنەی بنەماڵەیی ئاراستەی بوش دەکات.. وادەزانێ بوش جێگای باوکی گرتۆتەوە.. لەپاشانیش بەخەندەهەمیشەییەکەی دەڵێ من بنەماڵەم خۆشدەوێن و ئەگەر بڕواش ناکەی لەبەڕێز بارزانی بپرسەکەهات!.. جا من سووڕ دەمزانی ئەگەر بهاتبایەبۆ لامان، یەکسەر ڕەخنەی لەسیستەی ژاپۆن دەگرت و بەخەندەهەمیشەییەکەی دەیووت" ئێوەحکومەتی پاشایی بنەماڵەو خێڵەکین.. ئێمەش فیدرال و دیموکراتین.. دەڵێن گوایەئەم نەخۆشی دژەبنەماڵەو خێڵە، لەلاوێتی لەخوێندنەوەی شیعرێکی دەرەبەگیدا تووشی بووە.. کەچی دووجاریش مسیان بەسەر تواندۆتەوە؛ بەس ترسەکەی نەڕەویتەوە!.

عەرەبی ئێراقی، دەبوایەڕۆژانەدووڕکەعەت نوێژی خۆڕاییان بۆ تەمەندرێژ و خوابیپارێزێی مامە" ڕوحم بەقوربانی" ؛ بکردایە.. چونکەکەس لەو دڵسۆزانەتر ناتوانێت یەکێتی خاکی ئێراق بپارێزێت. وەبەدڵنیایش ئەگەر چوارساڵیشی بۆ نوێ بکرێتەوە، ئەوا دەبێتەسەرۆکی هەمیشەیی هەڵبژاردەو دەتوانێت یەکێتی نیشتمانی عەرەبیش؛ لەوپارچەپارچەییەی پڕ مەترسی، رزگاربکات.. کەخەونێکی شیرینی برا عەرەبەچاوڕەشەکانمانن!

لەهەمووی خۆشتر هەردوو سەرکردەلەئەوروپا دەسوڕێنەوە.. تۆبڵێی نەهاتبن بۆ ئەوەی ئەوروپا فێری فیدرالی ڕاستەقینەبکەن! بەس داوای مافی پەنا بەرێتی نەکەن! چونکەئەو کاتەئێمەبۆ کوێ ڕاکەین؟ یا ئەوەتەسیاسەت دەریایەو گۆڕانکارێکی گەورەلەناوچەکەلەئارادابێت و ئێمەبێئاگابین.. وەک دەڵێن کلیلەکەی بەدەست کوردەوەیە.. هەر نەشکێ و وون نەبێت.. بەڕاست نەمانزانی کلیلەکەبەدەست مامەیەیان کاکە؟!